# وەقایعی کوردستان

ڕۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە (٣١٣)  ساڵی بیست وسێ  ١٤ کانونی یەکەم ٢٠٢٢زایینی  ٢٣ سەرماوەز ٢٧٢٢ کوردی  ١ جمادي الثاني ١٤٤٥ کۆچی

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** لا ١
تایبەت بە مۆڵەتی کردنەوەی پەیمانگای ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشک
**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ٥
ڕێنمایی کارکردنی کارمەندانی تەندروستی بیانی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق
**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی** ٦
ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢
**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی** ٨
بەرەنگاربونەوەی دیاردەی سیحر و جادوو و هەر کارێکی هاوشێوە کە پێچەوانەی بنەما ئایینی یەکانە
**ڕێنمایی ژمارە(١٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی دارایی و ئابووری** ٩
تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجیەکان
**پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان هەرێمی کوردستان - عێراق** ١١
**بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٢ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان** ٢١
ڕاستکردنەوەی وشەی (الميدالية) بۆ (الأنواط) لە یاسای ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢١
**بریاری ساڵی ٢٠٢٢ ئەنجومەنی دادوەری** ٢١
**بەیانی ژمارە (١٨ - ١٩)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی داد** ٢٢
**بەیانی ژمارە (١٩ - ٢٠ - ٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی ناوخۆ** ٢٢
**بەیانی ژمارە (١٩ - ٢٠ - ٢١)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی** ٢٤
**بەیانی ژمارە (١٤ - ١٥ - ١٦)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی کشتوکاڵ وسەرچاوەکانی ئاو** ٢٥
**بەیانی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی شارەوانی و گەشتوگوزار** ٢٥
**بەیانی ژمارە (٤٨-٤٩-٥٠-٥١-٥٢-٥٣-٥٤-٥٥-٥٦-٥٧-٥٨-٥٩-٦٠-٦١-٦٢)ی ساڵی ٢٠٢٢ وەزارەتی تەندروستی** ٢٦

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - بوارێیانی فرەنسوا مێتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفون: ٠٦٦٣٢٩٥٥٠٨ - ٠٦٦٣٢٩٥٥٠٧ - ٠٦٦٣٢٩٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كوردستان - تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (٣١٣) السنة ثلاثة وعشرون ١٤ كانوني الاول ٢٠٢٣ م. ٢٣ سەرماوەز ٢٧٢٣ ک. ١ جمادي الثاني ١٤٤٥ هـ



| | |
|---|---|
| النظام الداخلي نقابة المحاسبين والمدققين اقليم كوردستان - العراق | ٢٨ |
| بيان رقم (١) لسنة ٢٠٢٢ رئاسة إقليم كوردستان | ٣٦ |
| تصحيح كلمة (الميدالية) إلى (الأنواط) في القانون رقم (١٢) لسنة ٢٠٢١ | |
| **فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط** | **ص** |
| تعليمات رقم (٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ١ |
| تعليمات رقم (٧) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٥ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة التعليم العالي والبحث العلمي | ٦ |
| تعليمات رقم (١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الاوقاف والشؤون الدينية | ٨ |
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٣ وزارة المالية والاقتصاد | ٩ |
| بيان لسنة ٢٠٢٣ رئاسة مجلس الوزراء | ٢١ |
| قرار لسنة ٢٠٢٣ مجلس القضاء | ٢١ |
| بيان رقم (١٨ — ١٩) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العدل | ٢٢ |
| بيان رقم (١٩ - ٢٠ - ٢١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الداخلية | ٢٣ |
| بيان رقم (١٩ — ٢٠ — ٢١) لسنة ٢٠٢٣ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية | ٢٤ |
| بيان رقم (١٤ — ١٥ - ١٦) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الزراعة والموارد المائية | ٢٥ |
| بيان لسنة ٢٠٢٣ وزارة البلديات والسياحة | ٢٥ |
| بيان رقم (٦٢-٦١-٦٠-٥٩-٥٨-٥٧-٥٦-٥٥-٥٤-٥٣-٥٢-٥١-٥٠-٤٩-٤٨) لسنة ٢٠٢٣ وزارة الصحة | ٢٦ |



No. 313 Date: December 14 , 2023 - Vol.: 23

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
الهاتف: ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٨ - ٠٦٦٢٢٤٥٥٠٧ - ٠٦٦٢٢٤٥٠١٤

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

بلیفتنی شەعبان - مەنیجر
٠٧٥٠٤٤٨٩٦٢٣

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**

**ژمارە: ٨٥٦٦ لە ٢٠٢٣/١١/٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کەپێمان دراوە لە بڕگەی دووەمی ماددەی (١٠٥) لە یاسای چاودێری کۆمەڵایەتی ژمارە (١٢٦)ی ساڵی ١٩٨٠، ئەم ڕێنماییەمان دەرکرد:

**ڕێنمایی ژمارە (٩)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**تایبەت بە موڵەتی کردنەوەی پەیمانگای ڕاهێنان و شیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشک**

**ماددەی (١):**

مەبەست لەم زاراوە ودەستەواژانەوەی خوارەوە واتاکانی بەرامبەریانە بۆ مەبەستی ئەم ڕێنماییە :

**یەکەم: هەرێم:** هەرێمی کوردستان - عێراق.

**دووەم: وەزارەت:** وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**سێیەم: وەزیر** : وەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم .

**چوارەم: بەڕێوەبەرایەتی گشتی:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان.

**پێنجەم: بەڕێوەبەرایەتی:**بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری کەمئەندامان لە پارێزگاکانی هەرێم وئیدارەی گەرمیان و بەڕێوەبەرایەتیەکانی چاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێم (سۆران ، ڕاپەرین ، زاخۆ) .

**شەشەم: پەیمانگای تایبەت** : پەیمانگایەکی ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشکە کە لەلایەن کەرتی گشتی وتایبەت وخێرخوازیەوە دادەمەزرێت و بەڕێوەدەبرێت.

**حەوتەم: ڕاهێنان وشیاندن:** کۆمەڵێك لە بەرنامەی ئامادەکراوە بە مەبەستی باشترکردنی کارایی کەمئەندام وە سنووردارکردنی پەککەوتەیی ئەو کەسانەی بە کێشەی تەندروستی گرفتاردەبن لە کاتی هەڵس وکەوتیان لەگەڵ ژینگەکەیاندا .

**ماددەی (٢): ئامانج**

دابینکردنی خزمەتگوزاری جۆراوجۆری کاتی وبەردەوام بۆ شیاندنەوەی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك بە مەبەستی تێکەڵکردنیان بە ژیانی ئاسایی کۆمەڵگا .

**ماددەی (٣): وەزارەت هەڵدەستێت بە :**

**یەکەم** : کردنەوەی و بەڕێوەبردنی پەیمانگاکانی ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك لەسەر ئاستی هەرێم .

**دووەم:** پێدانی مۆڵەت بە کەسانی ئاسایی و مەعنەوی بۆ کردنەوەی پەیمانگای ڕاهێنان وشیاندنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك .

**ماددەی (٤):**

**یەکەم:** وەزیر یان ئەو کەســـەی دەســـەڵاتی لە لایەن وەزیرەوە پێ دەدرێت، دەســـەڵاتی پێدانی مۆڵەت کردنەوەی پەیمانگای تایبەت و سەندنەوەی هەیە .

**دووەم:** ماوەی مۆڵەت ( ١ ) یەك ساڵە و لەسەر داوای خاوەنەکەی نوێ دەکرێتەوە وە پێویستە بەلایەنی کەم پێش مانگێك لەسەر بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی داواکەی پێشکەش بکات .

**سێیەم:** بەڕێوەبەرایەتی گشتی لیژنەیەکی هونەری لەبوارەکانی کۆمەڵایەتی وتەندروستی وپەروەردەیی لە بەڕێوەبەرایەتی چـاودێری کەمئەنـدامـان پێکـدەهێنێـت و لە بەڕێوەبەرایەتیەکـانی چـاودێری وگەشەپێدانی کۆمەڵایەتی هەمان لیژنە پێکدەهێنرێت ئەرکی:

١- دیراســـەکردنی داواکـاری وەرگرتنی مۆڵـەتی کردنـەوەو نوێکردنەوەی پەیمـانگـای تـایبەت و بوونی مەرجەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە .

٢- بەدواداچوون و چـاودێری کردنی پەیمـانگـاکـانی تـایبەت وهەڵســـەنگـانـدنی ڕێرەوەی کـارەکـانیـان وبەرزکردنەوەی ڕاسپاردەی پێویست دەربارەیاندا .

**چوارەم:** پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و بەرزکردنەوەی بۆ وەزارەت بەمەبەستی ڕەزامەندی.

**ماددەی (٥): مەرجەکانی پێدانی مولەت :**

**یەکەم: تایبەت بە داواکار:**

١- داواکار هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی بێت لە یەکێك لە پسپۆریەکانی مرۆیی وشارەزایی هەبێت لە بواری کەمئەندام وخاوەن پێداویســـتی تایبەت یان پابەند بوون بە دامەزراندنی بەڕێوەبەرێکی پســـپۆر لەم بوارەدا .

٢- دانیشتوو یان نیشتەجێی هەرێم بێت .

٣- ناسراو بە ڕابردووی پاك وخورەوشتی باش .

٤- دید و بەرنامەی کاری پەیمانگا پێشکەش بکات .

٥- پلانی ڕاهێنان وشیاندنی تایبەت بە پەیمانگاکە پێشکەش بکات .

٦- هەر مەرجێك کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی وەیان بەڕێوەبەرایەتی بە پێویستی بزانێت .

**دووەم: تایبەت بە باڵەخانەی پەیمانگای تایبەت :**

١- شـــوێنی جوگرافی گونجـاو بێـت بە هەمـاهەنگی لەگەڵ وەزارەت لە نـاوچەیەك کە پێویســـتی بە خزمەتگوزاری شیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەتی هەبێت .

٢- بـاڵەخـانەکە ســـەربەخۆ بێـت وهـاوبەش نەبێـت لە ڕێرەو وخزمەتگوزاریەکـانی بـاڵەخـانەیەکی تر و ڕووبەرەکەی لە (٤٠٠م٢) کەمتر نەبێت و تەنها نهۆمی خوارەوە تایبەت بکرێت بۆ ڕاهێنان و شـیاندنەوەی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك .

٣- یاریگا وباخچەی گونجاوی هەبێت .

٤- دیوار و ڕێرەوەکانی چوونە ژوورەوە وهاتنە دەرەوە گونجاو بێت ئاســـتەنگ بۆ جووڵەی کەم ئەندام دروست نەکات .

٥- لە کاتی بوونی پۆل رووبەرەکەی لە (٤×٥)م٢ کەمتر نەبێت .
٦- بوونی هۆڵی چالاکی وەرزشی کە رووبەرەکەی لە (٤×١٠)م٢ کەمتر نەبێت .
٧- پرسگە دەبێت لە دەرەوەی دەرگای سەرەکی باڵاخانەکە بێت .
٨- هەبوونی سیستەمی کامێرای چاودێریکردنی لە گشت بەشەکانی پەیمانگا .
٩- بوونی هەردوو جۆری ئاودەستی رۆژهەڵاتی ورۆژئاوایی تیایدا.
١٠- بوونی مەرجەکانی تەندروستی و دروستی لە باڵەخانەکە لەوانەش سیستەمی ساردی وگەرمی وهەواگۆرکێ و رووناکی .
١١- دابینکردنی سیستەمی ئاگرکوژێنەوە کە سەرجەم رووبەری باڵەخانەکەی بگرێتە خۆی .
١٢- بوونی دەروازەی فریاکەوتن .

**ماددەی (٦):ئەم برە پارانەی خوارەوە وەردەگیرێت لەبەرامبەر :**

**یەکەم:** بڕی (٢٠٠٠٠٠٠) دوو ملیۆن دینار بۆ پێدانی مۆڵەت .

**دووەم:** بڕی (١٠٠٠٠٠٠) یەك ملیۆن دینار بۆ نوێکردنەوەی مۆڵەت.

**ماددەی (٧):**

کرێی وەرگرتن وپێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکان لە پەیمانگای تایبەت لەلایەن خاوەنەکەی پێشکەش دەکرێت و بە راسپاردەی لیژنەی هونەری دیاری دەکرێت بە رەزامەندی دەسەڵاتدەری مۆلەتدان ، لەسەر بنەمای جۆری باڵەخانەو ستاف وسەرجەم ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە کەمئەندامەکە دەکرێت بەمەرجێك بارگرانیەکی زۆر نەکەوێتە سەر شانی خانەوادەکەی .

**ماددەی (٨):**

بەرێوەبەری گشتی و بەرێوەبەرایەتیەکان لە رێگای لیژنەی هونەری ، ساڵانە بەهەماهەنگی لەگەڵ پەیمانگا تایبەتەکان بەکرێی وەرگرتن دادەچنەوە بە رەچاوکردنی باری ئابووری و خزمەتگوزاری پێشکەشکراو .

**ماددەی (٩):**

وەرگرتنی کەمئەندامی ئیفلیجی مێشك بەبێ رەچاوکردنی تەمەن ورەگەز دەبێت و دواتر پۆلین دەکرێن بەپێی جۆری خزمەتگوزاری وتەمەن ورەگەز.

**ماددەی (١٠): ستاف ومەرجەکانی :**

**یەکەم:** بەرێوەبەری پەیمانگا پێویستە هەڵگری بڕوانامەی زانکۆیی تایبەتمەند بێت و شارەزابێت لەم بوارە.

**دووەم:** کارمەندی پەیمانگای تایبەت بەپێی پێویستی کەیس و خزمەتگوزاریەکان دیاری دەکرێت بە مەرجی بوونی پسپۆری کۆمەڵایەتی و دەروونی وپزیشك ومامۆستا ودایەن وچاودێرو خزمەتگوزاری تری پێویست.

**سێیەم:** بەرێوەبەری پەیمانگای تایبەت یاریدەرێکی دەبێت بە هەمان مەرجی بەرێوەبەر وەیان هەڵگری بڕوانامەی کەمتر نەبێت لە دبلۆم ، شارەزایی وئەزموونی لەم بوارە لە (١٠) دە ساڵ کەمتر نەبێت ، بەشێك لەکارەکانی بەرێوەبەر لەئەستۆ دەگرێت و لەکاتی ئامادەنەبوونی بەرێوەبەر شوێنی دەگرێتەوە .

**ماددەی (١١):**

دەوامی پەیمانگای تایبەت لەلایەن خودی پەیمانگاکە دیاری دەکرێت بە هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتی گشتی و بەرێوەبەرایەتیەکان بە مەرجێك نابێت بۆ پەیمانگا کاتییەکان لە دەوامی فەرمی کەمتر بێت .

**ماددەی (١٢):**

سەرجەم کارمەندانی پەیمانگای تایبەت لە بەرێوەبەرایەتی دەستەبەری کۆمەڵایەتی ، دەستەبەرییان بۆ دەکرێت .

**ماددەی (١٣): سزای سەرپێچییەکان :**

**یەکەم:** سەرپێچی کردنی حوکمەکانی هاتوو لەم رێنماییە ویاسا ورێنماییەکانی پەیوەندیدار لەلایەن پەیمانگای تایبەتی مۆڵەتدراو ، ئاگاداردەکرێت بە لادانی سەرپێچییەکانی لە ماوەی (٧) رۆژدا .

**دووەم:** لەکاتی بەردەوام بوونی سەرپێچی لەدوای ماوەی دیاری کراو لە بڕگەی یەکەمی ئەم ماددەیە ، سزای هۆشداری ئاراستە دەکرێت کە لە ماوەی (١٥) رۆژدا سەرپێچیەکانی لابدات .

**سێیەم:** بە تێپەربوونی ماوەی دیاری کراو لە بڕگەی دووەمی ئەم ماددەیە وبەردەوام بوونی لە سەرپێچیەکانی ، وەیان ئەنجام دانی سێ جار سەرپێچی دوای ئاگادارکردنەوە وە تێپەربوونی ماوەکەی ، وە بەپێی راپۆرتی لیژنەی هونەری ، مۆڵەتەکەی لێ دەسێندرێتەوە.

**چوارەم:** خاوەن پەیمانگای تایبەتی مۆڵەت لێسەندراو ، بۆی نیە داوای مۆڵەتی نوێ بکات تەنها بە تێپەربوونی دوو ساڵ بە سەر ماوەی مۆڵەت لێسەندنەکەی.

**ماددەی (١٤):**

خاوەن پەیمانگای تایبەت بۆی هەیە تانە لە بڕیاری لێسەندنەوەی مۆلەتەکەی بدات لە ماوەی یاساییدا ، وە لەکاتی رەتکردنەوەی ، بۆی هەیە تانە لە بڕیارەکە بدات لەبەردەم دادگای تایبەتمەند.

**ماددەی (١٥):**

وەزارەتی تەندروستی بۆی هەیە لە رێگای لیژنەکانی تەندروستی،پشکنین وچاودێری لایەنی تەندروستی پەیمانگاکانی تایبەت بکات .

**ماددەی (١٦):**

رێنمایی ژمارە (٥)ی ساڵی ٢٠٢٣ تایبەت بەمۆڵەتی کردنەوەی سەنتەری راهێنان وشیاندنی کەمئەندام وخاوەن پێداویستی تایبەت ، هەڵدەوەشێتەوە .

**ماددەی (١٧):**

ئەم رێنماییە جێبەجێ دەکرێت لەرێکەوتی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**کوێستان محمد عبدالله**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**ژمارە: ٢٣٤٩٤ لە ٢٠٢٣/١١/٧**

پاڵپشت بە ماددەی(حەوتەم)لەیاسای وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان-عێراق ژمارەی (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە :

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی کارکردنی کارمەندانی تەندروستی بیانی لە کەرتی تایبەت لە هەرێمی کوردستان-عێراق**

**ماددەی (١) پێناسەکان :**

١- هەرێم : هەرێمی کوردستان – عێراق

٢- وەزارەت : وەزارەتی تەندروستی هەرێمی کوردستان

٣- بەڕێوەبەرایەتی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلاندانان

**ماددەی (٢):**

١- پێویستە بۆ کارکردنی کارمەندانی بیانی لە دامودەزگا تەندروستیەکانی کەرتی تایبەت یەکسانکردنی بڕوانامەیان بۆ کرابێت لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی .

٢- ئەو بڕوانامانەی کە لەسەر بنەمای خول وەرگیراون کاریان پێ ناکرێت .

٣- دەبێت بەلایەنی کەم پێنج ساڵ خزمەتی لە ووڵاتی خۆی ولەبواری کاری خۆی هەبێت بۆ گشت پسپۆرییەکان و پلە زانستیەکان .

٤- پێویستە لەکاتی وەرگرتنی (ڤیزە) بۆ کارمەندانی تەندروستی بیانی ڕەزامەندی وەزارەتی تەندروستی وەربگێریت .

٥- مۆڵەتی نیشتەجێ بوونی وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێتە مەرج بۆ کارکردنی کارمەندانی بیانی .

٦- هەر کارمەندێکی تەندروستی بیانی کە داواکاری مۆڵەت پێشکەش دەکات پێویستە ئەم کارمەندە لەلایەن لیژنەیەکی زانستی وەزارەت هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و بڕیار لەسەر پێدانی مۆڵەتەکەی بدات .

**ماددەی (٣):**

کار بە هیچ ڕێنماییەک ناکرێت کە لەگەڵ ئەحکامەکانی ئەم ڕێنماییە ناکۆک بێت

**ماددەی (٤):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د.سامان حسین بەرزنجی**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی**

**ژمارە: ٢١٨٤٨ لە ٢٠٢٣/١١/١**

پاڵپشـــت بە ماددەی (پەنجایەم) لە یاســـای وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانســـتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠٠٨ی هەموارکراو و پاڵپشت بە کۆنووسی کۆبوونەوەی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣ی ئەنجومەنی وەزارەت و نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧٠٩١) لە ٢٠٢٣/٦/٧ و ڕا دەربرینی ئەنجومەنی شووڕای هەرێم بە نووسراویان ژمارە (٢٠٢٣/١٢) لە ٢٠٢٣/٨/٦ ، بڕیاردرا بە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە :

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**ڕێنمایی هەمواری شەشەمی ڕێنمایی ژمارە (٣)ی ساڵی ٢٠٢٢ی خوێندنی باڵا / دیپلۆمی باڵاو ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردستان.**

**ماددەی (١):**

هەموارکردنەوەی(ماددەی شـەشـەم:حوکمە گشـتیەکان/خاڵی٢٠) لەڕێنمایی ژمارە (٣)ی سـاڵی ٢٠٢٣خوێندنی باڵا/دیپلۆمی باڵا و ماسـتەرو دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکان هەرێمی کوردسـتان ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١- هەڵگرانی(بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی ئەکادیمی ) کە لە لایەن زانکۆحکومییەکانی هەرێمی کوردستان پێش ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) بڕوانامەیان پێ بەخشراوە و هاوتای بڕوانامەی ماستەرن ، دەتوانن داواکاری بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بکەن لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان.

٢- هەڵگرانی(بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دووساڵەی پزیشکی کلینیکی پیشەیی) کە لە لایەن زانکۆحکومییەکانی هەرێمی کوردستان و داموو دەزگاکانی دەرەوەی زانکۆکان بڕوانامەیان پێ بەخشراوە ، ناتوانن داواکاری بۆ خوێندنی دکتۆرا پێشکەش بکەن

٣- بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی خاڵی (١) و (٢)ی سەرەوە ، پێویستە لیژنەیەکی پسپۆری تایبەت لەسەر ئاستی بەشی زانستی پەیوەندار بە خوێندنی خوازیاران لە کۆلێژی پزیشکی لە زانکۆ حکومیەکانی کوردستان پێکبهێندرێت بە شێوەیەک کە پێویستە سەرۆک و ئەندامانی لیژنەکە هەڵگری نازناوی زانستی (پرۆفیسۆر و پرۆفیسۆری یاریدەدەر ) بن کە پسپۆریان لە بەشی زانستی خوازیاران بێت و لە کاتی نەبوونی ستاف بۆ لیژنەکە ، دەکرێت سوود لە مامۆستایانی زانکۆکانی کوردستان وەربگیرێت کە ئەرکی لیژنەکە بریتی دەبێت لە بڕیاردان لەسەر جۆری بڕوانامەی خوازیاران کە ئەکادیمین یاخود پیشەیین لەسەر بنەمای ناوەڕۆکی خوێندن و بڕوانامەی خوازیاران ، دواتر ئەگەر دەرکەوت بڕوانامەکە ئەکادیمیە ئەوا ناوبراون مافیان هەیە پێشکەشی خوێندنی دکتۆرا بکەن

**ماددەی (٢):**

کار بە هیچ ڕێنمایی و بڕیارێکی پێشـــووتر لە بارەی خوێندنی باڵا ناکرێت کە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم ڕێنماییە بێت ئەو قوتابی /خوێندکارانەی کە پێشـووتر وەرگیراون و لە کاتی ئێستادا بەردەوامن لە خوێندن ، ئەوا ڕێنماییەکانی پێشوویان لەسەر جێبەجێ دەکرێت .

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕێکەوتی دەرچونیەوە کاری پێدەکرێت و بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤) دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان ) بڵاودەکرێتەوە.

**هۆیەکانی دەرچوون**

لە پێناو ڕەخســـاندنی دەرفەتی درێژەدان بە خوێـندنی بـاڵا / دکتۆرا لە زانکۆ حکومیەکانی هەرێمی کوردستان بۆ پێشکەشکارانی خاوەن هەڵگری بڕوانامەی دیپلۆمی باڵای دوو ساڵەی پزیشکی کلینیکی ئەکادیمی کە لە لایەن زانکۆ حکومییەکانی هەرێمی کوردســـتان پێش ســـاڵی خوێندنی (٢٠٢٣- ٢٠٢٤) بڕوانامەیان پێ بەخشـراوە ، وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانسـتی هەرێمی کوردسـتان ئەم ڕێنماییەی دەرچوواند

**د.ئارام محمد قادر**
**وەزیری خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی**

**وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**ژمارە: ٥٣٣٢ لە ٢٠٢٣/١١/٢٧**

ئاماژە بە بڕگەی پێنجەم لە ماددەی دووەمی و ماددەی حەوتەم لە یاسای وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی ژمارە (١١) بۆ سالی ٢٠٠٧ و لە پێناو بەرژەوەندی گشتی بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە:

**ڕێنمایی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٢٣**

**بەرەنگاربونەوەی دیاردەی سیحر و جادوو و هەر کارێکی هاوشێوە کە پێچەوانەی بنەما ئایینی یەکانە**

**ماددەی (١):**

ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە لە بڕگەکانی خوارەوە دانراوە یان کارە هاوشێوەکانی قەدەغەیە و دەبێتە ڕێگایەك بۆ ئەنجام دانی سیحر و جادوو:

١- بەکارهێنانی ڕێگاکانی فێڵ کردن و هەڵگرتنی نازناوی ساختە و نادروست وەك دەستەواژەی (شێخ و مەلا و قەشە و بانگخواز و پزیشکی ئایینی و هاوشێوەکانی) بە بەکارهێنانی پەرتووکە پیرۆزەکانی خودا بەمەبەستی بەدەستهێنانی پارە و سوودمەندبوون پێ یان.

٢- دروست کردنی نوشتەو جادوکردن و دەرکردنی جنۆکە .

٣- فرۆشتنی گیا دەرمان وخوراك وخواردنەوە وەك (ئاو و گوڵاو هەنگوین و ڕەشکە و پێداویستی تر) بە ناوی چارەسەری پزیشکی ئایینی.

**ماددەی (٢):**

أ- پێویستە فەرمانبەرانی سەر بە میلاکی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی و خۆبەخشەکان پابەندی ئەو ڕێنماییە بن بە پێچەوانەوە بەرپرسیار دەبن و ڕێکاری کارگێری و سزاییان بەرامبەر ئەنجام دەدرێت.

ب- دامودەزگاکانی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی کاربکەن لەسەر نەهێشتنی کارەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە و بە تایبەت ئەنجامدانی لە ناو دەزگاکانی سەر بە وەزارەت بە پێچەوانەوە ڕێکارەکانی کارگێری و سزایی بەرامبەر هەرکەسێك ئەنجام دەدرێت کە ئەم دامودەزگایانە بەکاربهێنێت.

**ماددەی (٣):**

هەموو ڕێکخراوەکانی ناحکومی ئایینی مۆڵەت پێدراو پێویستە پابەندی ئەم ڕێنماییە بن بە پێچەوانەوە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی بە هەماهەنگی لەگەڵ فەرمانگەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان ڕەوان کاری پێویست دەگرنە بەر بەرامبەریان.

**ماددەی (٤):**

هەموو دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئایینی پابەندن بەجێبەجێ کردنی ئەو ڕێنماییە و جولانەوەی داوا و ئەنجامدانی ڕێککاری یاسایی پێویست لە کاتی ڕوودانی ئەو کارانە بە پێچەوانەوە لێپرسراو دەبن.

**ماددەی (٥):** ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی بڵاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

**د. پشتیوان صادق عبدالله**

**وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی**

**وەزارەتی دارایی وئابووری**
**ژمارە: ١٤٥٤١ لە ٢٠٢٣/١٢/٦**

**ڕێنمایی ژمارە(١٣)ی ساڵی ٢٠٢٣**
**تایبەت بە ڕاگرتنی خەرجیەکان**

بەهۆی نزیك بوونەوەی كۆتایی ٢٠٢٣ و بە مەبەستی دیاری کردنی هەلی گونجاو بۆ یەکە ژمێریارییەکانی بەستراو و نەبەستراو بە وەزارەتەکان ، بە مەبەستی پاکتاو کردنی ژمێریارییەکان و گەیاندنیان بۆ وەزارەتمان لە کاتی دیاری کراو بریاردرا بە :-

١- ڕاگرتنی سیستەمی ئەلیکترۆنی بەڕێوەبردنی دارایی کوردستان (KFmS) لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/٥ تاکو کردنەوەی خەرجی لە ساڵی دارایی ٢٠٢٤.
٢- ڕاگرتنی گشت خەرجییەك لە ڕێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠ بۆ ساڵی دارایی٢٠٢٣ بەمەبەستی یەکلاکردنەوەی ژمێرەکان جگە لە خەرجییەکان (مووچە وپێشینەی خەرج کراوی مانگانە و کرێ یەکانی مانگانە و خاوێن کردنەوە و خواردن ).
٣- ڕاگرتنی زیادکردنی پێشینەی بەردەوامی مانگانە
٤- ئەم ڕاگرتنە تەموویل کردنی تایبەت بە پرۆژەکانی وەبەرهێنان و پەرەپێدانی پارێزگاکان ناگرێتەوە
٥- لە ڕێکەوتی دەرچوونی ئەم ڕێنماییە هیچ داواکارییەکی خەرج ئاراستەی وەزارەتمان نەکرێت .
٦- ئەو نووسراوانەی کە ڕەزامەندی خەرجی وەزارەتمان هەیە لە بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری بەڕێوەبەرایەتی خەرجییەکان کە ئاراستەی گەنجینەکان دەکریت ڕێکەوتی دەرکردنیان دەکەوێتە پێش ڕێکەوتی (٢٠٢٢/١٢/١١ ) جێبەجێ دەکرێت و ڕانەگیرێت ، وە ئەو نووسراوانەی داخلی سیستەم کراون و کاریان لەسەر نەکراوە لە ساڵی نوێ کاری لەسەر دەکرێت .
٧- داخستنی ژمیرەی مانگی کانوونی یەکەم ی ساڵی (٢٠٢٣) لە ڕیکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٣١) پێویستە گشت وەزارەتەکان و فەرمانگە کانی نەبەستراو بە وەزارەت پابەند بن بە ماوەی ئاماژە پێکراو ، هەروەها سەرجەم فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێم جگە لەو فەرمانگانەی کە فەرمانگەیەکی خۆپارەدارکردنن (تمویل ذاتی )ن لە ڕێکەوتی (٢٠٢٣/١٢/٣١) (رصید دفتری صندوق +بانك) تدوتر بکرێت بۆ ساڵی دارایی /٢٠٢٤ لە رێکەوتی (١/کانوونی دووەم تا ٣١ / کانوونی دووەم ی ساڵی /٢٠٢٤ ) وە نابێت هیچ ,(تدویر )ێك لەسەر (حساب نقدی مدور ) بکرێت لە مانگەکانی تر.
٨- ماوەی (ژمێرەی كۆتایی) لە (٢٠٢٤/١/١٢) دەست پێ دەکات تاکو (٢٠٢٤/١/٣١) بۆ مەبەستی یەکلاکردنەوەی گشت پێشینەکان کە لە ئەستۆی وەزارەت و فەرمانگەکانن بۆ ئەو پێشینانەی کە نەتوانراوە یەکلابکرینەوە لە ساڵی ٢٠٢٣دا.

٩- داخســتنی ژمێرەی کۆتایی بە شــێوەیەکی کۆتایی لە ڕێکەوتی (٢٠٢٤/١/٣١) دەبێت و ناردنی بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشــتی ژمێرەکاری تـا ڕێکەوتی (٢٠٢٤/٢/١٠) و نەنـاردنی یـاخود دواکەوتنی لە ڕێکەوتی ئاماژەپێکراوی سەرەوە پارەدارکردنی (تمویل) ئەو یەکە ژمێریارییە ڕادەگیرێت.

١٠-تۆمارکردنی ســەرجەم یەکلاکراوەکانی ناو تۆمارکراوەکان (التســویەالقیدیة) لە هەمان تۆماری تایبەت بە ساڵی دارایی ٢٠٢٣ بە شێوەیەکی سەربەخۆ (مستقل ) لە ژمێرەکانی مانگەکانی ڕابردوو لەگەڵگرتنەبەری یەکلاکردنەوەی پێویســـت بۆ چـارەســەرکردنی مەرجەکـانی ژمێرەکـان (بنود الحسابات) کە پێچەوانەی سروشتی ژمێریاری تۆمارکراوە.

١١- پێویســتە ئەو فەرمانگانەی پەیرەوی ســیســتەمی نامەڵبەندی دەکەن (میزانمراجعە) لە ژمێرەی کۆتایی (حسابات الختامیة) بۆ ساڵی /٢٠٢٣ بنێرن بۆ بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمێرکاری / ژمێرکاری نامەڵبەندی بە ڕەچاوکردنی تۆماری ژمێرکاری ژمارە(٨٩) هاتوو لە ڕێنماییمان ژمارە (١٤)ی ســاڵی ٢٠٢٢

١٢- پێویستە پێشینەی بەردەوامی مانگانەی فەرمانگەکان یەکلابکرێتەوە و رصیدی بکرێتە(سفر) لە کۆتایی ساڵی دارایی ٢٠٢٣.

١٣- لە کاتی نەبوونی جوڵەی ژمێریاری لە گشت ژمێرەکان لە ماوەی ئەژمێرەی کۆتایی کە لە خاڵی (٧) ئاژەپێکراوی سەرەوە پێویستە بە نووسراوەی فەرمی ئاگاداری بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمیرکاری بەڕێوەبەرایەتی ژمێرکاری نامەڵبەندی بکرێت کە فەرمانگەکە ئەژمێرەی کۆتایی نیە .

١٤- بۆ هەر تێبینی و تێنەگەیشتنێك و روونکردنەوەیەک پرسیارتان ئاراستەی بەرێوەبەرایەتی گشتی ژمیرکاری /بەرێوەبەرایەتی یەکخستنی ژمێریاری بکەن .

١٥- ئەم رێنماییە لە رێکەوتی ٢٠٢٣/١٢/١٠وە کاری پێدەکرێت ولەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان بڵاودەکرێتەوە.

**ئاوات جەناب نوری**

**وەزیری دارایی و ئابووری**

**سەندیکای ژمێریاران و ووردبینان**

**ژمارە:١٦٠٥٧ لە ٢٠٢٢/١٢/٥**

پاڵپشت بە ئەحکام یاسایی سەندیکایی ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان - عێراق ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠ و پەسەندکردنی کۆنگرەی دووەمی سەندیکا ژمێریاران و وردبینان لە ڕێکەوتی (٢٧-٢٠٢٣/٧/٢٦)

**پەیڕەوی ناوخۆی**

**سەندیکای ژمێریاران و وردبینانی هەرێمی کوردستان - عێراق (هەموارکراو)**

**ماددەی (١):**

ئەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ئەو مانایانەیان دەبێت کە لە بەرامبەریان ئاماژەی پێکراوە:

١- **هەرێم:** هەرێمی کوردستانی عێراق.

٢- **سەندیکا:** سەندیکای ژمێریاران و وردبینان.

٣- **ئەنجومەن:** ئەنجومەنی سەندیکا.

٤- **نەقیب:** نەقیبی ژمێریاران و وردبینان.

٥- **دەستەی گشتی:** هەموو ئەو ئەندامانەی بەپێی پەیرەو نوێنەرایەتی سەندیکا دەکەن.

٦- **تۆمار:** تۆماری تایبەت بە تۆمارکردنی ناوی کارمەندان (ئەندامان) و ناونیشانیان.

٧- **پیشە:** هەر کارێکە کە دەچێتە نێو مەودای گشتی پیشەی ژمێریاری و وردبینی، لەوانەش ووتنەوەی وانەی زانستە ژمێریاریەکان و وردبینیەکان، و بەڕێوەبردنی کاروباری دارایی و هەڵگرتنی تۆمارە ژمێریاری و وردبینیەکان و دانانی سیستم و بەرنامە ژمێریاریەکان.

٨- **مۆڵەت پێدراو بۆ کارکردن:** هەر کەسێك لە ئەندامان و پیادەکاران، کە ڕێگەی پێدراوە بە کارکردن وەك ژمێریار بەپێی هەندێك مەرج کە لەلایەن ئەنجومەنەوە دانراون.

٩- **ئۆفیسی ڕێکخستنی ژمێریاری:** ئەو ئۆفیسەیە کە لەلایەن یەکێك یان زیاتر لە ئەندامانی سەندیکا دادەمەزرێت، لەوانەی کە مەرجەکانی کردنەوەی ئۆفیسیان تێدا بەدی دەکرێت بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەریان دەکات.

١٠-**ئۆفیسی ڕاوێژکاری:** ئەو ئۆفیسەیە کە ئەندامێکی سەندیکا دایدەمەزرێنێت بە مەرجی تایبەت و بەپێی ئەو ڕێنماییانەی کە سەندیکا دەریان دەکات.

**ماددەی (٢):**

١- سەندیکا کەسایەتیەکی مەعنەوی هەیە و مافی خاوەندارێتی و ڕەفتارکردنی هەیە بە سامانە گوازراوە و نەگوازراوەکان.

٢-بارەگای سەندیکاکە لە هەولێری پایتەختی هەرێم دەبێت و بۆی هەیە کە لقەکانی لە پارێزگاکان و نوێنەرایەتیەکان و لە یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان بکاتەوە.

**ماددەی (٣): ئامانجەکانی سەندیکا**

سەندیکا لە بنەڕەتدا هەوڵ دەدات بۆ بەرزکردنەوە و پاراستنی پیشە و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی و ڕۆشنبیری و ئابووریی ئەندامەکانی و کارکردن بۆ بەهێزکردنی گیانی هاوپیشەیی و هاوکاری نێوان ئەندامان وبەرگریکردن لەمافەکانیان وچاودێریکردنی بەرژەوەندیەکانیان ودابینکردنی خزمەتگوزاریە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان بۆیان،لەو پێناوەدا کار دەکات بۆبەدیهێنانی ئەمانەی خوارەوە:

١- بەشداریکردن لە بەرزکردنەوەی ئابووری هەرێم و پلاندانان بۆی بە هاوکاری لەگەڵ لایەنە تایبەتمەندەکان (دامەزراوەکان و فەرمانگەکان) بۆ برەودان بە دامەزراوە کارگێڕییەکان و پەرەپێدانیان و ڕێکخستنی توانا و شارەزاییە داراییەکان بۆ خزمەتکردنی هەرێم.

٢- ڕێکخستن و چاودێریکردنی بنەما و شێوازەکانی پیادەکردنی پیشە بەپێی بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی کە سەندیکا دەریان دەکات.

٣- کردنەوەی خولەکان بۆ ئەندامانی کەرتی تایبەت و کارمەندان لە فەرمانگە حکومیەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری و شارەزاییە دارایی و ژمێریاریەکان بۆیان، هەروەها دابینکردنی هەلی کار بۆ مۆڵەت پێدراوان بۆ بەرزکردنەوەی توانستیان و بۆ باشترکردنی دۆخی ئابوورییان.

٤- هاوکاریکردن لەگەڵ سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و دەستە پیشەییەکانی تر لە ناوخۆ و دەرەوەی هەرێم لەپێناوی بەدیهێنانی مەرامە هاوبەشەکان لە ئاڵوگۆڕکردنی ئەزموون و بەرزکردنەوەی ئاستی پیشەیی.

٥- ڕێگەدان بە دامەزراندنی کۆمەڵە زانستیەکان و پیشەییەکان و یانە کۆمەڵایەتییەکانی پەیوەست بە سەندیکاوە، کە کاردەکەن بۆ چالاککردنی ئەو زانست و بابەتانەی کە دەکەونە چوارچێوەی پیشەکەوە، ئەویش لەسەر پێشنیاری ئەنجومەن.

٦- بەرگریکردن لە مافە ماددی و مەعنەویەکانی کارمەندان و هەوڵدان بۆ ئاسانکاریکردن بۆ کاری گونجاو بۆیان.

**ماددەی (٤): مەرجەکانی ئەندام بوون**

١- مەرجە گشتیەکانی پەیوەستبوون بە سەندیکا:

أ. دەبێت هاوڵاتی هەرێم بێت یان دانیشتووی هەرێم بێت.

ب.دەبێت هاوڵاتی عێراقی بێت.

ج. دەبێت توانای تەواو شیاو بێت و مافە مەدەنییەکانی هەبێت و سزا نەدرابێت بەتاوانێکی ناسیاسی یان کەتنێکی پەیوەست بە شەرەفەوە.

د. بەشداربوو: کەسێکی ناعێراقییە کە مەرجەکانی ئەندام بوون بە سەندیکای تێیدا بەدی بکرێت و ڕێگەی پێدەدرێت کە پیادەی پیشەکە بکات بەپێی پلەکەی و بەپێی ئەم پەیرەوە، هەروەها سوودمەند دەبێت لە هەموو مافەکان، جگە لە مافی خۆکاندیدکردن و مافی دەنگدان، ئەندامێتیەکەشی لە سەندیکا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن پەسەند دەکرێت.

٢- ئەندامان و پیادەکاران پۆلێن دەکرێن بۆ دوو گروپ، بەم شێوەیەی خوارەوە:

**گروپی یەکەم:** ئەندامەکان، کە  پۆلێن دەکرێن بۆ دوو جۆر، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ.  ئەندامی ڕەسەن: ئەو کەسەیە کە هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسە لە ژمێریاری لە یەکێك لە زانکۆکانی عێراق یان بڕوانامەیەکی هاوتا، بە شێوەیەك کە پێچەوانە نەبێت لەگەڵ پەیرەو و ڕێنمایی و بڕیارەکانی وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی لە هەرێم.

ب.ئەندامی وەرگیراو: هەر کەسێکە کە مافی ئەندامێتی لە سەندیکادا بەدەستهێنابێت بەپێی مەرجەکانی پیادەکاران لە هەردوو جۆری (أ) و (ب).

**گروپی دووەم:** (پیادەکاران)، کە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلێن دەکرێن:

**یەکەم:** پیادەکارانی پلەی (أ)، ئەوانیش بریتین لە:

١- هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستە بازرگانی و دارایی و بانکیەکان و کارگێڕی کار.

٢- هەڵگرانی بڕوانامەی دبلۆم لە ژمێریاری (پەیمانگا تەکنیکیەکان)، بەمەرجێك ماوەی خوێندن لێیان لە دوو ساڵ کەمتر نەبێت لەدوای بڕوانامەی ئامادەیی.

**دووەم:** پیادەکاران لە پلەی (ب)، کە بریتین لە:

١- دەرچووانی ئامادەیی بازرگانی (ژمێریاری و بازرگانی گشتی).

٢- هەڵگری بڕوانامەی دبلۆمی ژمێریاری کە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەوە پەسەند کرابێت.

**سێیەم:** پیادەکارانی پلەکانی (أ) و (ب) بەپێی ڕێنماییەکانی   ئەنجومەن دەگوازرێنەوە.

**چوارەم:** لقەکانی سەندیکا لەسەر ئەم بنەمایە هەڵدەستن بە دووبارە ڕێکخستنەوەی فایلەکان.

**پێنجەم:** لیژنەیەك پێکدەهێنرێت بە سەرۆکایەتی نەقیب یان هەرکەسێك دەسەڵاتی پێبدات و ئەندامێتی سەرۆکی لقەکان یان ئەوانەی کە دەسەڵاتیان پێدەدرێت، بۆ پێداچوونەوە بە دۆسیەی ئەندامان بۆ دڵنیابوون لەوەی کە دانراون لەو پۆلەی کە شایستەن پێیان.

**شەشەم:** سەرجەم دۆسیە سەرەکییەکانی ئەندامان لە بارەگای سەندیکا لە هەولێر هەڵدەگیرێن.

**ماددەی (٥): ڕێکارەکانی ئەندام بوون**

١- ئەندام بوون بە سەندیکا بە داواکارییەکی نووسراو دەبێت کە پێشکەش بە نەقیب یان سەرۆکی لق لە پارێزگاکە دەکرێت، لەگەڵ هاوپێچ کردنی بەڵگەنامە پێویستەکان.

٢- داواکاری ئەندام بوون دەخرێتە ڕوو بۆ ئەنجومەن بۆ بڕیاردان لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی تۆمارکردنی لە سەندیکا، ئەنجومەنیش مافی ڕەتکردنەوەی داواکاریەکەی هەیە بە بڕیارێکی بە پاساو.

٣- ئەنجومەن بۆی هەیە داواکاری ئەندامبوون ڕەت بکاتەوە بە بڕیارێکی بە پاساو، هەروەها خاوەنی داواکاری بۆی هەیە تانەی لێبدات لە دادگای پێداچوونەوە لە هەرێم لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا لە ڕێکەوتی پێراگەیاندنی، بڕیاری دادگاش کۆتایی دەبێت.

٤- لە ئەگەری پەسەندکردنی داواکاریی ئەندام بوون، ناسنامەیەکی ئەندامێتی پێدەدرێت بەپێی پلەکەی و ناوی دەخرێتە ناو تۆمار.

**ماددەی (٦): پلە بەرزکردنەوە:**

**یەکەم: مەرجە گشتیەکان:**

١-پلە بەرزکردنەوەی پیادەکاران لە پۆلی (أ) بۆ ئەندامێکی وەرگیراو و لە پلەی (ب) بۆ (أ)، لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوەوە دەبێت کە پێشکەش بە نەقیب یان سەرۆکی لق دەکرێت لە پارێزگا، دواتریش پێشکەش بە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی پلەبەرزکردنەوەکان لە سەندیکا دەکرێت بۆ سەیرکردنی.

٢- داواکاری و بەڵگەنامەکان وردبینی دەکرێن لەلایەن لیژنەی سەرپەرشتیاری پلەبەرزکردنەوەکان و ڕاسپاردەکان پێشکەس بە ئەنجومەن دەکرێن بۆ تاوتوێ کردنیان و دەرکردنی بڕیاری گونجاو.

٣- لیژنەی پلە بەرزکردنەوەکان لە سەندیکا پێکدەهێنرێت، کاتەکانی پێشکەشکردنی داواکاریەکانیش بۆ ئەنجامدانی تاقیکردنەوەکان یان بەشداریکردن لە خولەکان و ڕێکەوتی ئەنجامدانیان بە ڕێنمایی ڕێکدەخرێت کە لەلایەن ئەنجومەن دەریدەکات.

**دووەم: مەرجە زانستی و پیشەییەکان:**

١- لە پلەی (أ) بۆ ئەندامێکی بەدەست هێنراو:

أ. پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ دوای دەرچوون بە بڕوانامەیەك کە پشتگیری ئەم پیادەکردنە بکات.

ب.بەشداریکردن لە خولی تایبەت بە پلە بەرزکردنەوە و دەرچوون لەو تاقیکردنەوەی کە سەندیکا لەم بارەیەوە ئەنجامی دەدات.

٢- لە پلەی (ب) تا (أ):

أ. پیادەکردنی پیشە بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ بە بڕوانامەیەك کە پشتگیری ئەوە بکات.

ب.بەشداریکردن لە خولی تایبەت بە پلە بەرزکردنەوە و دەرچوون لەو تاقیکردنەوەی کە سەندیکا لەم بارەیەوە ئەنجامی دەدات.

**ماددەی (٧):** هەریەك لە ئەندام و مۆڵەت پێدراو لە هەڵسوکەوتەکانیاندا پابەند دەبن بەمانەی خوارەوە:

١- ڕێساکانی شەرەف و راستگۆیی و دەستپاکی.

٢- بنەما پیشەییەکان کە لەلایەن سەندیکاوە دانراون.

٣- یاسا و پەیرەو و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە سەندیکا.

٤- پاراستنی نهێنیەکانی پیشە تەنانەت دوای جێهێشتنی کاریش.

**ماددەی (٨):** ئەندام و مۆڵەتپێدراو بە کارکردن لە سەندیکا، بۆیان نیە هەڵبستن بەم کارانەی خوارەوە:

١- بەکارهێنانی هەر ئامرازێك یان شێوازێك بە مەبەستی بەدەستهێنانی قازانجێکی ناڕەوا.

٢- پشتگوێخستن یان ڕێگریکردن لە جێبەجێکردنی یاسا و پەیرەوە و ڕێنماییەکانی پەیوەست بە سەندیکا، لەگەڵ ڕەچاونەکردنی بنەکانی ڕەفتاری پیشەیی.

٣- پیادەکردنی پیشە بەبێ نوێکردنەوەی ئابوونەی ساڵانە بۆ ماوەی دوو ساڵی یەك لەدوای یەك.

٤- خۆلكاندن به نازناوی زانستی یان پۆستێكی پیشەیی نا دروست یان پەسەند نەكراوە بەپێی یاسا و پەیرەو و ڕێنماییە كارپێكراوەكان.

٥- ئەنجامدانی هەڵەیەكی تەكنیكی گەورە بە كەمتەرخەمی كە زیانێكی زۆر بە كەسانی پەیوەندیدار دەگەیەنێت.

٦- ئەنجامدانی تاوانێك سەبارەت بە شەرەف.

٧- تێپەڕاندنی سنووری پیادەكردنی ئەو پیشەیەی كەبەپێی ئەم پەیرەوە و ڕێنماییەكانی كۆمەڵەكە دیاری كراوە.

**ماددەی (٩):**

پێشێلكاری بڕگەكانی ماددەی حەفتەم و ماددەی هەشتەمی ئەم پەیرەوە ڕەوانەی لیژنەی ڕێككاری دەكرێت.

**ماددەی (١٠):**

١- ناكرێ هیچ كەسێك جگە لە ئەندامانی سەندیكا دابنرێت لەو كارانەی كە بە بنچینەی پیشەكە دادەنرێن، ئەم بڕگەیە جێبەجێ دەكرێت بەسەر فەرمانگەكانی حكومەت و دامەزراوە فەرمی و نیمچە فەرمییەكانی تر و كۆمپانیا پشكدارەكان و سنووردارەكان و پرۆژە پیشەسازییە تۆماركراوەكان و وردبینەكانی ژمێریاری و ژمێریاران و هەموو ئەوانەی كە پەیرەوی پارێزگاریكردن لە تۆمارەكان دەیانگرێتەوە بۆ مەبەستەكانی باجی داهات.

٢- ئەو قەدەغەكردنەی كە لە بڕگەی (١)ی ئەم ماددەیەدا دەقنووس كراوە، پڕكردنەوەی ئەو پۆستانەی ئاماژەیان پێكراوە لەلایەن ئەو فەرمانبەرانەوە ناگرێتەوە كە پێش دەرچوونی ئەم پەیرەوە ئەزموونی ژمێریاری و وردبینی ژمێریاری و دارایی پێشتریان هەیە، ناوەكانیشیان لە تۆمارێكی تایبەتدا تۆمار دەكرێت كە سەندیكا بۆ ئەو مەبەستە ئامادەی كردووە .

**ماددەی (١١):** ئەندامانی سەندیكا و پیادەكاران بۆیان هەیە كە پیادەی پیشەكە بكەن لە كەرتی تایبەتدا، بەم شێوەیەی خوارەوە:

ئەندامان، كە مافی ئەوەیان هەیە یەكێك لەم كارانەی خوارەوە ئەنجام بدەن:

١- ڕێكخستنی ژمێریاری كۆمپانیایەك (یان لقێكی لە كۆمپانیای) بیانی و ئامادەكردنی ژمێریاری و لیستە داراییەكانی بەسیفەتی ژمێریاری كۆمپانیا. (یان)

٢-ڕێكخستنی ژمێریاری سێ كۆمپانیای ناوخۆیی و ئامادەكردنی ژمێرە كۆتاییەكانیان و بودجە گشتیەكانیان، بە سیفەتی ژمێریارەكەیان، سەبارەت بە ئەندامی وەرگیراو مافی ئەوەی هەیە ژمێریاری تەنها دوو كۆمپانیای ناوخۆیی ڕێكبخات.

٣-كردنەوەی ئۆفیسی ڕاوێژكارییە داراییەكان یان ئۆفیسی ڕێكخستنی ژمێریاری بە پێی ئەو مەرجانەی سەندیكا دیاریان دەكات.

**ماددەی (١٢):**

**یەکەم: لقەکان لە پارێزگاکان**

١- ئەندامانی هەر لقێك لە پارێزگا لیژنەی لق هەڵدەبژێرن کە پێکهاتووە لە ســەرۆك و چوار ئەندام و دوو ئەندامی یەدەگ، پێویستە یەکێك لە ئەندامەکان لە ڕەگەزی ئافرەت بێت، ناشبێت ماوەی پیادەکردنی پیشــە لەلایەن ئەندامانی لیژنەی لق کەمتر بێت لە (٥) پێنج ســاڵ دوای بەدەســتهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری.

٢- لق مافی ئەوەی هەیە ڕەفتار بە داهاتەکانیەوە بکات دوای بەدەستهێنانی ڕەزامەندی ئەنجومەن.

٣- پێویستە لەسەر لیژنەی لقەکان و نوێنەرانی سەندیکا تاوتوێی ئەو بڕیار و ڕێنمایی و پێشنیازانە بکەن کە سەندیکا یان هەر لایەنێکی تری پەیوەست بە سەندیکاوە دەریان دەکەن.

٤- لیژنەکانی لقەکان بۆیان هەیە لیژنە پێویســتەکان پێکبهێنن کە یارمەتیان بدەن لە بەجێگەیاندنی کارەکانیان و ئاگادارکردنەوەی ئەنجومەن لەوە.

٥- ئەنجومەنی نوێی سەندیکاکان هەڵدەستێت بە ڕێکخستنی لق و نوێنەرایەتییەکان بەپێی یاسا و ڕێسا گشتییەکان کە دەقنووس کراون لە یاسای ژمارە (١٨)ی ساڵی ٢٠٠٠دا.

**دووەم: نوێنەرایەتیەکان لە یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان**

نوێنەرایەتی لەســێ ئەندام و یەك ئەندامی یەدەگ پێکدێت،بەمەرجێک یەکێك لەئەندامانی نوێنەرایەتی دەبێت لە ڕەگەزی ئافرەت بێت، هەروەها ماوەی پیادەکردنی پیشــەکە لە پێنج ســاڵ کەمتر نەبێت دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری.

**ماددەی (١٣):**

ناکرێ هیچ کۆمپانیایەك یان وەبەرهێنانێکی نیشتمانی یان بیانی تۆماربکرێت یان نوێبکرێتەوە بەبێ ڕێکخستنی گرێبەستێك لەگەڵ ژمێریارێکی ئەندام لە سەندیکای ژمێریاران و وردبینان لە هەرێمی کوردستان.

**ماددەی (١٤): دەسەڵاتەکان و ئەرکەکان:**

**دەستەی گشتی:**

باڵاترین دەسەڵاتی سەندیکایە، کە لە گشت ئەندامانی ڕەسەنی سەندیکا کە ئەرکە داراییەکانیان بەرامبەر بە سەندیکا جێبەجێ کردووە، لە ڕێگەی ئەوەیشەوە نەقیبی سەندیکا و ئەندامانی ئەنجومەن هەڵدەبژێردرێن.
دەستەی گشتی لانیکەم سێ ساڵ جارێك کۆبوونەوە ئاساییەکانی خۆی ئەنجام دەدات، دەکرێت دەستەی گشتی بانگهێشت بکرێت بۆ بەستنی کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بە بڕیارێك لەلایەن ئەنجومەنەوە یان لە ڕێگەی داواکارییەکی نووسراوەوە لەلایەن یەك لەسەر سێی ئەندامان، داواکارییەکەش پێشکەش بە دەستەی کارگێڕی دەکرێت.
لە ئەگەری ئەوەی کە ژمارەی ئەندامانی دەستەی گشتی لە (٥٠٠) پێنج سەد ئەندام زیاتر بێت، ئەوا هەڵبژاردن لە ڕێگەی نوێنەرەکانەوە ئەنجام دەدرێت و ڕێژەی نوێنەرایەتی دیاری دەکرێت بە ١٥% لە ئەندامانی پێکهاتەی ئافرەت لەلایەن ئەنجومەنی سەندیکاوە.

**دەسەڵاتەکانی دەستەی گشتی:**

أ. هەڵبژاردنی نەقیب و ئەندامانی ئەنجومەن لە ئەندامە ڕەسەنەکان، بەمەرجێك کە نەقیب خزمەتی پیادەکردنی پیشەکەی هەبێت بۆ ماوەیەك کە کەمتر نەبێت لە (١٠) دە ساڵ و خزمەتی ئەندامانی ئەنجومەن دەبێت کەمتر نەبێت لە (٧) حەفت ساڵ دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە ژمێریاری، دەشبێت یەکێك لە ئەندامانی ئەنجومەن و ئەندامێکی یەدەگ ئافرەت بن.

ب. سەندنەوەی متمانە لە هەریەکێك لەو کەسانەی کە لە بڕگەی سەرەوەدا ئاماژەیان پێکراوە یان لەکارلادانیان و هەڵبژاردنی کەسێك بۆ جێگرتنەوەیان.

ج. پەسەندکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی سەندیکا.

د. تاوتوێکردن و پەسەندکردنی ڕاپۆرتی ساڵانەی ئەنجومەن و هەر بابەتێکی دیکەی پەیوەست بە سەندیکا.

ە. سەیرکردنی پێشنیازەکانی ئەنجومەن سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسا یان پەیڕەوە پەیوەستەکان بە کاری سەندیکا، هەروەها بنەماکانی ڕەفتاری پیشەیی.

و. پەسەندکردنی هەڵوەشاندنەوەی سەندیکا و پاکتاوکردنی کەل و پەلەکانی.

ز. ژمێریاری (حسابات) سەندیکا دەکەوێتە ژێر چاودێری و وردبینی دیوانی چاودێری دارایی هەرێم.

**١. ئەنجومەنی سەندیکا:**

ئەنجوومەنی سەندیکا بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا لەئەستۆ دەگرێت و پێکدێت لە (٩) نۆ ئەندامی ڕەسەن و (٢) دوو ئەندامی یەدەگ، کە نەقیبیش دەگرێتەوە کە هەڵدەبژێردرێن لەو کۆنفرانسەدا کە دەستەی گشتی دەیبەستێت بە دەنگدانی نهێنی هەر (٣) سێ ساڵ جارێك، ئەنجومەنیش بە دەنگدانی نهێنی لەنێو ئەندامان جێگرێك بۆ نەقیب و سکرتێرێك و سەرپەرشتیارێکی دارایی هەڵدەبژێرێت. ئەنجومەن مانگانە جارێك دانیشتنە ئاساییەکانی خۆی دەبەستێت و ئەنجومەن بۆی هەیە کۆبوونەوەی ناوە ناوە ئەنجام بدات لە پارێزگاکانی هەرێم، هەروەك بۆی هەیە دانیشتنە نائاساییەکانی ببەستێت لەسەر بانگهێشتی نەقیب یان لەسەر داوای یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن، ڕێژەی (نیساب) یاسایی لە ئەنجومەن تەواو دەبێت بە ئامادەبوونی زۆرینەی ئەندامان و بڕیارەکانیش بە زۆرینەی دەنگی ئامادەبووان دەردەکرێن و لەکاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا، ئەوا لە بەرژەوەندی ئەو لایەدا یەکلایی دەبێتەوە کە نەقیب لەگەڵیدا دەنگی داوە، ئەنجومەنیش بۆی نییە لە بڕیارەکانی پاشگەز بێتەوە مەگەر بە دەنگی زۆرینەیەك بێت بڕیارەکە دەردەکات.

**دەسەڵات و ئەرکەکانی ئەنجومەنی سەندیکا:**

١- کارکردن بۆ بەدیهێنانی ئامانج و مەبەستەکانی سەندیکا.

٢- پێشکەشکردنی پێشنیازەکان سەبارەت بە هەموارکردنەوەی یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی سەندیکا.

٣- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی.

٤- ئامادەکردنی بودجەی ساڵانە و ژمێریاری کۆتایی و ڕاپۆرتی ساڵانەی چالاکییەکانی سەندیکا.

٥- دەرکردنی ڕێنماییەکانی ڕێکخستنی کارەکانی ئەندامان و ئۆفیسەکان (هەروەها نووسینگەی ڕێکخستنی ژمێریاری و ئۆفیسەکانی ڕاوێژکاریە داراییەکان).

٦- بڕیاردان لەسەر داواکارییەکانی پەیوەستبوون و پەسەندکردنی وەرگرتنی ئەندامان و پیادەکاران.

٧- هەڵبژاردنی کەسێك کە نوێنەرایەتی سەندیکا بکات لە لیژنە فەرمییەکان و ئەوانی تردا.

٨- ڕەوانەکردنی ئەو دۆز و سکاڵایانەی کە بۆی دێن، بۆ لیژنە پەیوەندیدارەکان.
٩- پەسەندکردنی خاوەندارێتی سامان و خانووبەرە و وەرگرتنی دیاری و بەخشینەکان و پێشکەشکردنی هاوکاریە داراییەکان بەپێی توانا.
١٠-نێوەندگیریکردن لە نێوان ئەندامان و خاوەن کارەکان لە لایەك و ئەندامان لە نێو خۆیاندا لە لایەکی ترەوە، بۆ یەکلاییکردنەوەی ئەو ململانێ پیشەییانەی کە دەکرێ ڕووبدەن.
١١-بڕیاردان لەسەر داواکاری دەست لەکارکێشانەوەی نەقیب یان هەر ئەندامێکی ئەنجومەن یان لیژنەکانی ناو سەندیکا.
١٢-ئیدارەدانی سامانی سەندیکا و کۆکردنەوەی بەخشینەکان و هاوکاریەکان و خەرجکردنی خەرجییە پێویستەکان بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری سەندیکا، هەروەها بۆی هەیە کە داوا لە لقەکان بکات بە گواستنەوەی ١٥% لە داهاتەکانیان بۆ ناوەندی سەندیکا (ئەنجوومەنی سەندیکا) ئەگەر پێویست بوو.
١٣- دەربڕینی ڕەزامەندی لەسەر دامەزراندنی لقەکانی سەندیکا لە پارێزگاکان و نوێنەرایەتیەکانی یەکە کارگێڕیە سەربەخۆکان.
١٤-پێدانی مۆڵەت بۆ کردنەوەی ئۆفیسەکانی ڕێکخستنی ژمێریاری و ئۆفیسەکانی ڕاوێژکاریە داراییەکان.
١٥-پێدانی دەسەڵاتی کارکردن لە کۆمپانیاکان و ئۆفیسە تایبەتەکان بە ئەندامان و پیادەکاران بەپێی مەرج و ڕێکارەکانی سەندیکا.
١٦- پەسەندکردنی پلەبەرزکردنەوەی پیادەکاران لە پلەیەکەوە بۆ پلەیەکی تر و بەرزکردنەوەی پیادەکاران بۆ ئەندامانی بەدەست هێنراو بەپێی ڕێکارەکانی سەندیکا.
١٧- ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان و دانانی مەرجە یاسایی و پیشەییەکان بۆ ئەو مەبەستە.
١٨- دامەزراندنی کارمەندانی سەندیکا و دیاریکردنی کرێیەکانیان.
١٩- سڕینەوەی ناوی ئەندامی پیادەکار لە تۆماری سەندیکا لە ئەگەری ئەوەی کە بڕیاری کۆتایی لەلایەن دادگای تایبەتمەندەوە لە دژی دەربچێت بەهۆی تاوانێکی پەیوەست بە شەرەفەوە یان تاوانێکی پیشەیی، ناشکرێت دووبارە تۆمار بکرێتەوە مەگەر دوای کۆتاییهاتنی ماوەی سزاکە بێت، هەروەها بێبەشیش دەکرێت لە هەموو ئەو مافە پیشەییانەی کە پێی دراون.

**ماددەی (١٥):**

١- پێویستە نەقیب خۆی یەکلایی بکاتەوە بۆ کاری سەندیکا.
٢- پێویستە یەك لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجومەن خۆیان یەکلایی بکەنەوە بۆ کاری سەندیکایی.

**دەسەڵاتەکانی نەقیب:**

١- سەرۆکایەتی کۆبوونەوەکانی دەستەی گشتی و دانیشتنەکانی ئەنجومەن.
٢- نوێنەرایەتیکردنی سەندیکا لەبەردەم لایەنە دادوەری و کارگێڕیەکان و دەستە فەرمییەکان بە ناوە مەعنەویەکەیەوە.
٣- پەسەندکردنی مامەڵە و بەڵگەنامەکانی تایبەت بە سەندیکا.
٤- پیادەکردنی گشت دەسەڵاتە دارایی و کارگێڕییەکانی تر کە لەلایەن ئەنجومەنەوە پێی دراون.
٥- دانی بەشێك لە دەسەڵاتەکانی بە نووسراو بەجێگر یان سکرتێری سەندیکا بە ڕەزامەندی ئەنجومەن.

**دەسەڵاتەکانی سەرۆکی لق:**

١- جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دەستەی گشتی سەندیکا و ئەنجومەنەکەی و لیژنەکانی.

٢- هەڵبژاردنی کەسانێك کە نوێنەرایەتی لق دەکەن لە لیژنە فەرمییەکان و لیژنەکانی تر لە پارێزگا.

٣- پێشکەشکردنی پێشنیاز و ڕاسپاردە تایبەتەکان بە کاروباری لق بۆ ئەنجومەن بۆ بڕیاردان دەربارەیان.

